# خۆڕێکخستنەوەی ئابووری قبوولکردنی گرێبەستە نەوتییەکان زامنی پاراستنی یەکپاردەیی عێراقێکی نوێیە

■ گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی حکومەت تەنیا قسەو لێدوانێك نییە، یاخود بەڵێنێکی کتوپڕ نییە سەرۆکی حکومەت بە جەماوەری کوردستانی بدات، بەڵکو سەرەتایەکە بەرەو گواستنەوەی کابینەی یەکگرتوو بەرەو حکومەتێکی نوێی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، تاوەکو گەلی کورد لە کێشە و گرفتەکانی بازنەی داخراوی نزمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دەربازی بێت. حوکمڕانی باش پێویستی بە کەسانی دڵسۆز هەیە، بە جەماوەرێکی رۆشنبیر و هۆشیار دەچێت بەرێوەو پایەکانی دیموکراتی و ئابووری بازاڕی بەهێز تر دەبێت، تەنانەت بێ بەهێزکردنی حکومەت ناکرێت کوردستان رووبەرووی سەرجەم گۆڕانکاری و رووداوە چاوەڕوانکراوەکان بێتەوە . بەهێزبوونی حکومەتیش کارێکی دەستە جەمعییەو پێویستی بەهەموو هەوڵەکانی جەماوەر هەیە، لەرێگای چالاك کردنی پێگەکانی ناو کۆمەڵەوە، کۆکردنەوەی تواناو هێزە سیاسی یەکان لەم کاتەدا کە مێژوو دوبارە دەبێتەوەو بەغدا جەکی ئابووری بۆ دژایەتیکردنی کوردستان و ئابوورییەکەی بەکار دەهێنێت، سەرەتایەکە بۆ سەرکەوتنی جێبەجێکردنی بەڵێن و دەربازبوون لە چوارچێوە داخراوەکانی گرفت و کێشە ئابوورییەکان..

لەبەرئەوەی ئابووری کوردستان وابەستەو بگرە پاشکەوتەی ئابووری حکومەتی ناوەندییە، ئەو ئابوورییەش گیرۆدەی کۆمەڵێك کێشەوگرفتی نائارامی و گەندەڵی و ناشەفافییەت بووە، بیرو ئایدیۆلۆژیای بلۆك بەندو کۆن بەسەریدا زاڵە، بۆیە ئابووری کوردستان پێویستی بە هەنگاوی خێراو بوێرانە هەیە، قبوولکردنی گرێبەستە نەوتییەکان زامنی پاراستنی یەکپاردەیی عێراقێکی نوێیە، زەمەنی بوونی وەبەرهێنان بە ویست و حەزی وەبەرهێن بە سەرچووە، کۆنترۆڵ و پاوانخوازی کۆمپانیاکان بەسەر بازاڕ و بەبێ گوێدانە پێداویستی زۆرینەو ئابوورییەکەمان مەرجە کۆتایی بێ بێت، سود وەرنەگرتن لە سامانی نەوت و نەبوونی کارەباو خزمەتگوزاری بنچینەیی لە پێناو چارەسەرکردنی کاری جددی بۆ بکرێت ..

هەنگاوەکانی ریفۆرمی چاوەڕوانکراوی ئابووری چی یە؟ ئایا ریفۆرمی ئابووری تەنیا لەسەر شانی حکومەتە یاخود ئەفرادەکانیش بەشێك لە ئەرکەکانیان لە ئەستۆیە ؟ تاکەی کەناڵەکانی راگەیاندن پەیامی هۆشیارکردنەوەو گەیاندنی زانیارییەکان هەڵناگرن و هاوڵاتییانی کورد لەو هەموو هەڕەشەومەترسی و پیلانانە ئاگادارناکەنەوە کە کوردستان لەناوخۆی عێراق و دەوروبەرەوە بۆی دادەڕێژرێت؟ کە مەترسیدارترینیان دەست تێوەگلانی مالیکی بوو لەگەڵ حکومەتی تورکیا دژ بە دەسەڵاتی کوردی، لاوازبوونی حکومەتی کوردستان لە ئەستۆی کێ یە و کێ زیانمەندی سەرەکی یە ؟ ئەم لاوازییەی حکومەت چۆن چارەسەر دەبێت؟ شەڕی نوێی دژایەتی کوردستان، بە چەکی ئابووری دەکرێت، ئەو رێگایانە چین کە رووبەرووی ببینەوە؟■

●●●
**شەڕی نوێی بەغدا بۆ دژایەتی کوردستان، بە چەکی ئابووری دەکرێت**
●●●





ئۆو پیوینگ
شارەزا و راوێژكار لە كۆریاو پتر لە ١٢ وڵات پڕۆژەوە كاری دامەزراندنی پڕۆژەی ستراتیجی لە ئەستۆ بووە ( تایبەت بەگوڵان )-


# هەرێمی كوردستان
# دەبێتە ناوچەو پێگەیەكی گرنك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



ئــۆو پیوینــگ پتــر لە ١٢ وڵات پڕۆژەوە كاری دامەزراندنی پرۆژەی ســتراتیجی لە ئەســتۆ بــووە، بەڕێزیــان پێــی وایــە: هەرێمەكە دەبێتە ناوچەو نموونەی پێگەیەكی گرنك لە رۆژهەڵاتی ناوەراســت، بە تایبەتی گەر بێتو كۆمپانیاكان پرۆژەی ستراتیژییان لەئەستۆ گرت، كۆمپانیای كۆری كەی وەتەر كە ســەرمایەكەی لە ملیارێك دۆلار تێپەر بووە، بگرە بەیەكێك لە گەورەترین كۆمپانیاكانی كۆریا دادەنرێت، ئێســتاكە سەرقاڵی بواری توێژینەوەیەكە سەبارەت بە پڕۆژەیەكی هایدرۆپاوەرن لە بێخاڵ، ئەمە ئەو راســتییە دەردەخات كە گەورە كۆمپانیاكانی جیهــان روویان لەم هەرێمە كردووە، ئۆوپیونیگ لــە چەندین وڵاتی كاریكــردووە لەوانە (ئەمەریكا، كەمبودیا، ڤیێتنام، مەنگۆلیا، چین، ئەفغانستان، ئێران،ئەندەنوسیا،سریلانگا، تایلەندو كوێت و دواتر لە عێراق) ئۆو پیوینگ بیروبۆچوون و هەڵسەنگاندنی خۆی هەبوو لەسەر وەبەرهێنان و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی كاری ئابوورییانە لەو وڵاتانەدا كە دەكرێت هەریەكەو ئەزموونێكی لێوەربگرین و سوودی بــۆ بەڕێوەچوونی كاری ئیكۆ لە كوردســتان دا هەبێت، لەمبارەیەوە ئۆوپیونیگ بە گوڵانی راگەیاند : (( لە پێناو دەربازبوون لە كێشــە و گرفتە ئابوورییەكان ئەزموونی كۆریا بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشــتوو زۆر گرنگە، كەســی كۆری توانی بۆخۆیی و جیهان بســەلمێنێت گەرچی رێگای خۆشــگوزەرانی و ئاوەدانكردنەوە زەحمەتە،چونكە بە بێ راكێشانی وەبەرهێنان بەدیهێنانی ئەم كارە ئاسان نییە، بەڵام بەهەوڵ وكۆشش جێبەجێ دەبێت و خێرادەكرێت لە كەمكردنەوەی ئاسەوارەكانی شەڕو برســێتی و هەژاری، كاتێك لە كۆریا قەڵەمێك بەرهەم بهێنین سەرەتا بەدوای قازانج ناگەڕێین، بەڵكو لە قۆناغی یەكەمدا قەڵەمەكە ئاراستەی سەرجەم جیهانی دەكەین،، لەرێگای بازرگان و كۆمپانیاكان هەماهەنگــی دەكەین كەچــۆن ئەوقەڵەمە لە ئاســتێكی باش دایە، حوكمڕانی سیاســی لە كۆریا ســەرەتا بۆ گەل و نیشتمان كاردەكات، ئەمەش لەرێگای پێشخستنی ئابوورییەوە...

پارێــزگاكان و بەرێوەبەرە ئیدارییەكان لە پێناو خۆشــگوزەرانی و پێشخستنی بەرهەم و ئابووری كاروبەرنامەی خۆی دادەنێت، پیونیگك سەبارەت بە پرسیارێكی تایبەت بە نەبوونی گەورە كۆمپانیاكانی كۆریا لە شــارەكانی كوردستان پێــی وابوو، خراپی باری ئەمنی عێراق بە گشتی زیانی بەوهەوڵانە گەیاندووە كەدەیانەوێت هەرێمەكە بــە ئارام و ســەقامگیردا ببات، بۆیە سەرجەم كۆمپانیا گەورەكانی كۆریا بەعەمەلی نەهاتوون. بەڵكو لەرێگای شــارەزایانەوە دەتوانین كاروپەیوەندیتان لەگەڵ ببەستن، لەماوەی دووساڵ رابردوودا لەسەرجەم تۆێژوچینەكانی ناوكۆمەڵگای كوردی شــارەزایانی كۆری هاتوون و بەچاوی خۆیان واقیعی ئارامی و پێشكەوتنی وڵاتەكەیان بینی، بەڵام تاكو ئێستا لەرووی زانیاری و داتاوە جۆرە نائارامی و ناسەقامگیرییەك هەیە لەناوچەكەدا، ئەمەش خزمەت بەبواری ئابووری و بیزنس ناگات، ئەمرۆ هەرێمی كوردســتان پرۆسەی پەرپێدان و دووبارە بنیاتنانەوەی تێدایە، ئێمە بەرامبەر گەلی كوردســتان زۆر دڵخۆشین، كەگەلێكی خاوەنی خەباتن و لەناوچەكەدا خویــان ناوەتە كاروچالاكی ئابووری، گەلــی كورد لەزۆرلاوە لــە كەلتوور و فەرهەنگــەوە لەئێمە نزیكن، كۆریا چەند دەیەیەك پێش ئێســتا گرفت و كیشەی لەگەڵ زۆربەی دراوســێكان هەبوو، جۆری دەســتتێوەردان و دژایەتی دەزانین، ئێستا بەعەقڵــی خۆمان و ئەركی رەچاوكردنــی زمانی گفتوگۆ توانیمان بازرگانی و ئابووری لەنێوان یەگتر بكەین و بەرژەوەندی هاوبەش جێی بەرژەوەندی تەســك و تەماعكاری سیاسەتمەدارو سەربازی گرتووە، لەداهاتوویەكی نزیك دا رەنگە كێشــەی سنووریشمان لەگەڵ كۆریای باكور نەمێنێ، گەلی كۆری لەرێگای هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئەمریكا توانی بەوڵاتانی پێشــكەوتوو بڵێ، كەئێمە ســوورین لەسەر برینی رێگای بەرەو گەشەكردن و پێشكەوتن، بۆ ئەمەش پێگەیاندنی گەنج لەریزبەندی پێشەوەی كارەكانماندا بوو، كۆرییەكان ئەو راستییە دەزانن گەربێتو ئاستی گۆڕانكارییەكان لەكوردستان بە شێوەیەی ئێستا بەرەو پێشــەوە بچێت ئەوا دوا رۆژێكی گەشبین جاوەرێتان دەكات، هەرێمی كوردستان بەرەو گەشە و خۆشگوزەرانی دەڕوات و لە ناوچەكەدا دەبێتە نموونەیی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بە تایبەتی دوای مۆركردنی گرێبەستی گەورە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیژی.

**حوكمڕانی سیاسی لە كۆریا سەرەتا بۆ گەل و نیشتمان كاردەكات، ئەمەش لەرێگای پێشخستنی ئابوورییەوە...**



# كۆمپانیاكانی وڵاتانی ده‌ورووبه‌ر نه‌هاتوون له‌ كه‌رته‌كانی ته‌كنه‌لۆژیا و پیشه‌سازی كار بكه‌ن، به‌ڵكو زۆربه‌یان روویان له‌ بازرگانی و به‌ڵێنده‌رایه‌تی كردووه‌



▲مسته‌فا حه‌بیب: خاوه‌نی بڕوانامه‌ی دكتۆرا له‌ ئابووری و پسپۆری بواری هه‌ڵاوسانی نه‌ختینه‌یی

لـــه‌ چاوپێكه‌وتنێكی دكتۆر مسته‌فا حه‌بیب دا كه‌ تایبه‌ت بوو به‌ هێنانی ((وه‌به‌رهێنانی بیانی له‌ كه‌رتـــه‌ به‌رهه‌مهێنانه‌كاندا، به‌ڕێزی پێی وابـــوو وه‌به‌رهێنان مه‌رجه‌ به‌پێی ویستی ئێمه‌ بێت و ریزبه‌ندییه‌ك بـــۆ ئه‌و كه‌رتانه‌ دانرێت كه‌ ئابـــووری ئه‌مڕۆی كوردستان پێویستێتی، ره‌نگه‌ له‌ قۆناغی رابـــردوودا به‌ ناچاری ڕێگا بۆ سه‌رجه‌م وه‌به‌رهێنانه‌كان كرابێتـــه‌وه‌، وه‌به‌رهێنان له‌ كوردســـتاندا به‌ پێی ویســـتی وه‌به‌رهێن ئه‌نجام درابێت، له‌گه‌ڵ كرانه‌وه‌ی هاتنی كۆمپانیا بیانییه‌كان و زیاتر ناســـاندنی ئابووری كوردســـتان **كاتی ئه‌وه‌ هاتووه‌ وه‌به‌رهێنان به‌پێی ویست و خواستی ئابوورییه‌كه‌مان بێت.**

ئابووری هه‌رێمی كوردستان به‌شێكه‌ له‌ ئابووری عێراقی فیدرال كه‌ ئه‌ویـــش كه‌وتۆته‌ ژێر كاریگه‌ری ئابووری جه‌نگه‌وه‌، جه‌نگی دژ به‌ تیرۆر ســـه‌رجه‌م ناوچه‌كه‌ی گرتۆته‌وه‌، ره‌نگه‌ هه‌رێمی كوردستان به‌راورد به‌ ناوچه‌كانی تری عێراق ئارامتر بێت و ســـه‌قامگیرتر بێت، به‌ڵام شـــوێنه‌واره‌ خراپه‌كانی ئه‌م جه‌نگه‌ی تیرۆر به‌سه‌ر كورده‌وه‌ توند و كاریگه‌ر بووه‌ .

له‌ ئابووری جه‌نگ و له‌ ناو پێكه‌یه‌كی نائارامی وه‌كو رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاســـت گه‌یشتن به‌ خاڵی سه‌قامگیری و گه‌شه‌سه‌ندنی ئابووری كارێكی ئاســـان نییـــه‌ و كاری جددی و دڵســـۆزانه‌ی ده‌وێت، له‌م واقیعه‌دا ئاسان نییه‌ و گه‌وره‌ كۆمپانیا بیانییه‌كان ئاماده‌ نین كاری وه‌به‌رهێنانی گه‌وره‌ بكه‌ن و خۆیان به‌ پرۆژه‌ی ستراتیژی و دوورمه‌ودا خه‌ریـــك بكه‌ن، ته‌نیـــا روویان له‌ بواری بازرگانـــی و به‌ڵێنده‌رایه‌تی كـــردووه‌، چونكه‌ ئـــه‌م دووبواره‌ مه‌ترســـی كه‌مترو زووتـــرو خێراتر قازانجه‌كانی ده‌ست سه‌رمایه‌دار ده‌كه‌وێته‌وه‌، به‌ پێچه‌وانه‌ی بواره‌كانی تری پیشه‌ســـازی و پرۆژه‌ گه‌وره‌كانه‌وه‌ كـــه‌ كات و داهاتی زۆری ده‌وێت و به‌ده‌ســـتهێنانه‌وه‌ی قازانجه‌كه‌شی دوورمه‌ودایه‌و پێویستی به‌ زه‌مانه‌ت هه‌یه‌ ..

له‌دوای روخانـــی رژێمی به‌عس ژماره‌یه‌كـــی به‌رچاو له‌ گه‌وره‌ كۆمپانیاكانی وڵاتانی رۆژئاواو بگره‌ كۆمپانیاكانی وڵاتانی ده‌وروبه‌ر روویـــان له‌م هه‌رێمه‌ كـــردووه‌، به‌ڵام ئه‌وان نه‌هاتـــوون له‌ كه‌رته‌كانی ته‌كنه‌لۆژیـــا و پیشه‌ســـازی كار بكه‌ن، به‌ڵكو زۆربه‌یـــان روویان له‌ بازرگانـــی و به‌ڵێنده‌رایه‌تـــی كردووه‌، ئه‌مه‌ش زیانـــی به‌ هه‌رێمه‌كه‌ گه‌یانـــدووه‌ و به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ بـــۆ ئه‌وان قازانجێكـــی گه‌وره‌یه‌، ئه‌م دۆخه‌ وایكردووه‌ هه‌رێمه‌كه‌ ببێته‌ ناوچه‌یه‌ك بۆ ساخكردنه‌وه‌ی كاڵاو به‌رهه‌مه‌ لاوازو ساخته‌كارییه‌كان و به‌گه‌ڕخســـتنی كۆمپانیـــا لاوازه‌كانیان، لـــه‌ به‌رامبه‌ردا به‌ ده‌یان ملیۆن دۆلار بۆ وڵاته‌كانیان ئاودیو كردووه‌. ئه‌مه‌ش هه‌مووی له‌ســـه‌ر حســـابی به‌های دینارو ئابووری هه‌رێمه‌كه‌، كه‌واته‌ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئه‌و پرســـیاره‌ی كه‌تایبه‌ته‌ به‌وه‌ی چـــی بكه‌ین تاوه‌كو گه‌وره‌ كۆمپانیا بیانییه‌كان رووبكه‌نه‌ ئه‌و سه‌رمایه‌گوزارییه‌ی كه‌ ئاستی به‌رهه‌ممان پێش ده‌خات ؟ ناوه‌ڕۆكی مه‌به‌ستی راكێشانی سه‌رمایه‌گوزاری بیانییه‌ بۆ ناوخۆی وڵات .

بوونی نائارامی له‌ عێراق و جه‌نگی دژ به‌ تیرۆر پاســـاوێك نییه‌ بۆ ئه‌وه‌ی چی تـــر وه‌به‌رهێنان له‌وكه‌رته‌گرنگ و گه‌ورانه‌دا نه‌كرێت كه‌ ئه‌مڕۆهه‌رێمی كوردســـتان پێویستێتی، ئه‌وه‌تا ئیسرائیل جوانترین نمونه‌یـــه‌ بۆ وڵاتێك كـــه‌ له‌دروســـتبوونیه‌وه‌ ئابوورییه‌كه‌ی ئابووری جه‌نگه‌، كه‌چی ئه‌م بارودۆخه‌ كاردانه‌وه‌ی نه‌كردۆته‌ سه‌ر كه‌مبوونه‌وه‌ی وه‌به‌رهێنانیان، چونكه‌ ئیسرائیلییه‌كان هه‌مووی كارده‌كه‌ن و له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵاتیش خاوه‌نی لۆبین و بیزنسمانی نیشتمانپه‌روه‌رن، حكومه‌ته‌كه‌شیان سیاسه‌ت و پلان و به‌رنامه‌ی ئابوورین و ئابووری تێكه‌ڵ به‌ ئه‌منییه‌تی نه‌ته‌وه‌ییـــان بووه‌، تاكو ئه‌مڕۆش ئابووری له‌ ئیســـرائیل چاودێری و ئاراســـته‌ ده‌كرێت، ئه‌زموونی وڵاتانێك كه‌ به‌دۆخی جه‌نگ دا تێپه‌ڕ ده‌بێـــت بۆ ئێمه‌ی كورد گرنگه‌، ره‌نگه‌ لـــه‌م قۆناغه‌دا زه‌حمه‌ت بێت روو بكه‌ینه‌ كه‌رتی پیشه‌ســـازی و ته‌كنه‌لۆژیا شانســـی ئێمه‌ زیاتر له‌ كه‌رته‌كانی كشـــتوكاڵ و نه‌وت و گه‌شـــتوكوزاریدا بێت، ده‌كرێت رووبكه‌ینـــه‌ دامه‌زراندنـــی گێڵگه‌ی په‌له‌وه‌ڕو ئـــاژه‌ڵ به‌خێوكردن و گرنكی به‌ پیشه‌سازی خۆراكی بده‌ین، ئه‌م كاره‌ش هه‌نگاوی جددی ده‌وێت سه‌ره‌تا ده‌بێت له‌ گوندنشینه‌كانه‌وه‌ ده‌ست پێ بكه‌ین و كۆچی ناوخۆی گوندنشـــینه‌كان بۆ ناو سه‌نته‌ری شاره‌كان رابگرین، ئه‌مه‌ش له‌ ڕێگای گه‌یاندنی خزمه‌تگوزاریی و دروستكردنی ڕێگاو ژێرخانی پێشـــكه‌وتوو دێته‌ به‌رهه‌م، من به‌باشـــی ده‌زانم باسێكی ئه‌زموونی ئوســـترالیادان بۆ بكه‌م كه‌ ماوه‌یه‌كی دوورو درێژ له‌ زانكۆكانی ئه‌و وڵاته‌دا وانه‌ی ئابووریم وتۆته‌وه‌، ئوســـترالیا به‌ هاوشـــێوه‌ی ئابووری وڵاتانی پێشـــكه‌وتوو خاوه‌ن نزامێكی ئابووری بازاڕه‌ و به‌شێوه‌یه‌كی ورد سه‌رپه‌رشتی ئابووری و كه‌رته‌ زیندووه‌كانی ده‌كات ئوسترالییه‌كان بۆ هاندانـــی به‌رهه‌مهێنان و ناردنـــه‌ ده‌ره‌وه‌و دۆزینه‌وه‌ی بازاڕ هیچ رسومات و باجێك وه‌رناگرن تاوه‌كو كاڵای ئوسترالی توانای كێبركێی له‌گه‌ڵ كاڵاو به‌رهه‌می وڵاتانی بیانی پێشكه‌وتوو هه‌بێت، له‌ لایه‌كی تره‌وه‌ ئه‌و وڵاته‌ زۆر بـــه‌ وردی چاودێری و یارمه‌تی ئه‌و وه‌به‌رهێنانه‌ ده‌كات كه‌ له‌ كه‌رته‌كانی به‌رهه‌مهێنان دا به‌گه‌ڕده‌خرێت. له‌م روانگه‌یه‌وه‌ پێویســـته‌ كوردیش به‌دوای ئه‌و وه‌به‌رهێنانه‌ بگه‌ڕێت كه‌ به‌رهه‌مهێنانی زیـــاد ده‌كات، بۆ ئه‌مه‌ش مه‌رجـــه‌ له‌ كۆمه‌ڵگایه‌كـــی به‌كارهێنانه‌وه‌ خـــۆی بگوازێته‌وه‌ بۆ كۆمه‌ڵگای به‌رهه‌مهێن، بۆ نموونه‌ ئافره‌ت زیاتر دابمه‌زرێـــن و ژینگـــه‌ی كاركردنیان بۆ دابین بـــكات و هانیان بدات، هه‌روه‌ها سه‌پاندنی باج به‌پێی داهاتی تاكاكه‌سی بێت و، بۆ پشتگیری كه‌رتی تایبه‌تی كشتوكاڵ پیشه‌سازی كشتوكاڵی دابمه‌زرێنێت، ئه‌مه‌ش بـــۆ دۆزینه‌وه‌ی بـــازاڕ بۆ كاڵاو به‌رهه‌مه‌ كشتوكاڵییه‌ ناوخۆییه‌كان، له‌مـــه‌ش گرنگتـــر یارمه‌تی و پێشكه‌شكردنی ئاســـانكاری بۆ ئه‌و وه‌به‌رهێنانـــه‌ بیانییانه‌ی كه‌ ده‌یانه‌وێت له‌ بواری پیشه‌ســـازی و به‌رهه‌مهێناندا كارو پرۆژه‌كانیان له‌ كوردستاندا ئه‌نجام بده‌ن .

●●●
**بوونی نائارامی له‌ عێراق و جه‌نگی دژ به‌ تیرۆر پاساوێك نییه‌ بۆ ئه‌وه‌ی چی تر وه‌به‌رهێنان له‌وكه‌رته‌گرنگ و گه‌ورانه‌دا نه‌كرێت كه‌ ئه‌مڕۆهه‌رێمی كوردستان پێویستێتی، ئه‌وه‌تا ئیسرائیل جوانترین نمونه‌یه‌ بۆ وڵاتێك كه‌ له‌دروستبوونیه‌وه‌ ئابوورییه‌كه‌ی ئابووری جه‌نگه‌، كه‌چی ئه‌م بارودۆخه‌ كاردانه‌وه‌ی نه‌كردۆته‌ سه‌ر كه‌مبوونه‌وه‌ی وه‌به‌رهێنانیان**
●●●





# وەبەرهێنانی بیانی واقیعی ئابووری كوردستان دەگۆڕێت، بەڵام

لە پێناو رووبەرووبونەوەی كێشـــەو گرفتـــە ئابوورییەكان و دەربازبوون لە بێبازاڕی و راوەســـتانی گەشـــەی ئابـــووری، كاتی ئـــەوە هاتووە چاوخشـــاندنەوەیەك بە كارو پرۆژە ئەنجامدراوەكان بخشـــێنینەوە، تاوەكو شارەزایی ئاستی جێبەجێكردنی كارەكان و كەموكورتییەكان بین، ئەوەی ئەمڕۆ لـــە كارو پرۆژەكان بەرچاومان دەكەوێـــت چەند حەقیقەتێكە لە پێشكەوتنی بوارەكانی كەمالییات و جوانكاری و زیادبوونی هێنراوەكانی كەلوپەلـــی كارەبایی و ئوتۆمبێل و فراوانبوونی ئاســـۆی شـــارەكان و گرنگیدان بە هۆتێل و بازاڕەكان . ئەمانەش هەر هەمووی لەسەر حسابی پرۆژە بەرهەمهێنەكانی كشتوكاڵی و پیشەسازی و كارەبا و نەوت بووە، كە لەمبوارانەدا بەپێی پێویست كارو پرۆژەی گەورە ئەنجام نەدراوە . **نەسروڵا عەبدولا - پسپۆری بواری پلاندانان و شارەزا لە یاساو بازرگانی** پێی وایە :( كەرتی بازرگانی و گواســـتنەوەی پارە زیادیكردووە، بەڵام بەپێی ئەو زیادبوونە نزامی مەسرەفی پێشنەكەوتووە، بانك و سیستەمی نەختینەیی و قـــەرزدان و حەواڵەو نزامە مەســـرەفییەكانی تر پێـــش نەكەوتووە و بە پێچەوانەوە پێداویستی مەسرەفیمان فراوان بووە، پێداویستی لە سەر كارەبا زیادیكردووە و بەرهەم و رێكخســـتنی دابەشـــكردنی هەنگاوی گەورەی نەناوە، كەرتی خانووبەرە گەشەی كردووەو كارگەو كارخانەكانی چیمەنتۆو خشـــت و مەرمەڕ و پیشەسازی بیناسازی پێش نەكەوتووە، داواكاری و پێداویستی خۆراكیمان دە ئەوەندەی جارانی لێهاتووە، كەچی كشتوكاڵمان بـــە ئازادكردنی بازرگانی دەرەكی و واڵابوونی ســـنوورەكانمان پوكایەوە، ئەمانە هەمـــووی بێ پلانییەو زیانی گەورەی بە ئابووری كوردســـتان گەیاند .

لە ئابـــووری دا پێویســـتە بەرهەمهێنان لە بەكارهێنـــان زیاتر بێت، خســـتنەرووی ناوخۆ لە بەرهەمی پیشەســـازی و كشتوكاڵی زیاتر بێت بەراورد بە بەرهەمی بیانی، ئەمە لە ئەلف و بێی ئابووری دایە،وەبەرهێنانی بیانی ئەو كەلێنە پڕدەكاتەوە، بەمەرجێك ریزبەندی لە جێبەجێكردن و كەرتە ئابوورییەكان دابنرێت و بەرنامەی زانستییانە بەكاربهێنرێت بۆ نموونە بۆ بوژانەوەی كەرتی كشتوكاڵ دووبارە ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان پێویستە.

لەلایەكی ترەوە ناكرێت دەروازەكان داخراو بێت بەڵكو هەرێمی كوردستان پێویستی بە چەند دەروازەیەك هەیە، بەڵام مەرجە دەروازەكان بەرەڵا نەبێت و بە دەیان دەزگای پێشـــكەوتووی كۆنترۆڵ لەوێ وجودیان هەبێت و بە بەردەوام رێنمایی نوێ دەربكرێت، بۆ دەرچون لە واقیعی ئەمڕۆی ئابووری كە كۆمەڵگا بۆتە كۆمەڵگایەكی بێ بەرهەم، گرینگیدان بەو پڕۆژانەی كە ئابـــووری هەرێمەكە و میللەت پێویستێتی وەكو پرۆژەكانی نەوت و كارەباو پیشەسازی لە ئەولەوییاتی كارو بەرنامـــە ئابوورییـــەكان دا بنرێت، لە قۆناغەكانی پێشوو تەنیا مەبەستمان راكێشانی وەبەرهێنان بوو ئێستاكە كاتی ئەوە هاتووە وەبەرهێنان رابكێشین كە لەگەڵ پێداویستی و حكومەتدا دەگونجێت..



نەسروڵا عەبدوڵا: پسپۆری بواری پلاندانان و شارەزا لە یاساو بازرگانی

ئەوەی لەسەر حكومەت ئەركە پێدانی ئاســـانكاری و لێخۆشبوون لـــە باج و رســـومات، بگرە ئـــازادی لە هێنان و بردنـــی داهات و پارەو تەرخانكردنی پارچە زەوی لە پێداویستییەكانی وەبەرهێنانی سەركەوتووە . لـــە ماوەكانی رابردوودا زۆربەی جار باس لـــە وەبەرهێنان كراوە، بەڵام بەجددی باس و وتووێژ لە سەر ئەوخاڵانە نەكراوە كە بەچ شێوەیەك زامنی راكێشانی وەبەرهێنانێكی بیانی وا دەكەین كە بەحەقیقەت وەبەرهێنانە نەك دەســـت كەوتنی رووبەری زەوی بێت و بەس، لە كاتێكدا ســـەرمایەداری كورد لە ئاكامی كەمی بڕی پارەوە توانای نییە خۆی لە پرۆژەی گەورە بـــدات و تەنیا كۆمپانیا گەورەكان لە توانایاندایە ئەم كارە بكەن، كەچی ئەوانیـــش لە پێناو گیرفان پڕكردن خۆیـــان لە بواری بازرگانی و كاری بچوكی بەڵێندەرایەتی داوە، ئەمە خەلەلێكەو پێویســـتی بە چارەسەركردن هەیـــە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونە ئابوورییەدام كە راوەســـتان و پرس كردن بە بەغدا بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەورەو ســـتراتیژی زیان بە پرۆسەكە دەگەیەنێـــت، نەبوونی وزە بە جۆرەكانی كارەبـــاو پترۆڵ زیانی گەورەی لێداوین و ئەم زیانە زیاتر دەبێت و ئاســـەوارەكانی مەترسیدارترە، هاندان و پشـــتگیریكردنی بەگەڕخســـتنی وەبەرهێنانی بیانی فرسەتەكانی گۆڕینـــی واقیعی ئابووری كوردســـتان زیاتـــر دەكات، حكومەتی داهاتووی كوردستان كە ســـەرۆكەكەی دووبارە متمانەی پێ درایەوە ئەركی گۆڕانكاری لە ئەستۆیە، ئەمەش پێویست بەوە دەكات پێگەی ئابووری كوردســـتان بە هێز بكرێت لە پێناو رووبەرووبونەوەی رۆژانی سەختی داهاتوو، چونكە رەنگە لە كۆتاییەكانی ئەم ساڵدا چوارچێوەی ململانییـــەكان لە ناوچەكەو ناوخۆی عێراق زیاتر بێت، بە تایبەتی لە سەر گرێبەستە نەوتییەكان.

●●●
**حكومەتی نوێ ئەركی گۆڕانكاری لە ئەستۆیە، ئەمەش پێویست بەوە دەكات پێگەی ئابووری كوردستان بە هێز بكرێت لە پێناو رووبەرووبونەوەی رۆژە سەختەكانی داهاتوو**
●●●

# خۆڕێکخستنەوەی ئابووری قبووڵکردنی گرێبەستە نەوتییەکان زامنی پاراستنی یەکپارچەیی عێراقێکی نوێیە

■ گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی حکومەت تەنیا قسەو لێدوانێك نییە، یاخود بەڵێنێکی کتوپڕ نییە سەرۆکی حکومەت بە جەماوەری کوردستانی بدات، بەڵکو سەرەتایەکە بەرەو گواستنەوەی کابینەی یەکگرتوو بەرەو حکومەتێکی نوێی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، تاوەکو گەلی کورد لە کێشە و گرفتەکانی بازنەی داخراوی نزمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دەربازی بێت. حوکمڕانی باش پێویستی بە کەسانی دڵسۆز هەیە، بە جەماوەرێکی رۆشنبیر و هۆشیار دەچێت بەرێوەو پایەکانی دیموکراتی و ئابووری بازاڕی بەهێز تر دەبێت، تەنانەت بێ بەهێزکردنی حکومەت ناکرێت کوردستان رووبەرووی سەرجەم گۆڕانکاری و رووداوە چاوەڕوانکراوەکان بێتەوە . بەهێزبوونی حکومەتیش کارێکی دەستە جەمعییەو پێویستی بەهەموو هەوڵەکانی جەماوەر هەیە، لەرێگای چالاك کردنی پێگەکانی ناو کۆمەڵەوە، کۆکردنەوەی توواناو هێزە سیاسییەکان لەم کاتەدا کە مێژوو دوبارە دەبێتەوەو بەغدا جەکی ئابووری بۆ دژایەتیکردنی کوردستان و ئابوورییەکەی بەکار دەهێنێت، سەرەتایەکە بۆ سەرکەوتنی جێبەجێکردنی بەڵێن و دەربازبوون لە چوارچێوە داخراوەکانی گرفت و کێشە ئابوورییەکان..



لەبەرئەوەی ئابووری کوردستان وابەستەو بگرە پاشکەوتەی ئابووری حکومەتی ناوەندییە، ئەو ئابوورییەش گیرۆدەی کۆمەڵێك کێشەوگرفتی نائارامی و گەندەڵی و ناشەفافییەت بووە، بیرو ئایدیۆلۆژیای بلۆك بەندو کۆن بەسەریدا زاڵە، بۆیە ئابووری کوردستان پێویستی بە هەنگاوی خێراو بوێرانە هەیە، قبووڵکردنی گرێبەستە نەوتییەکان زامنی پاراستنی یەکپارچەیی عێراقێکی نوێیە، زەمەنی بوونی وەبەرهێنان بە ویست و حەزی وەبەرهێن بە سەرچووە، کۆنترۆڵ و پاوانخوازی کۆمپانیاکان بەسەر بازاڕ و بەبێ گوێدانە پێداویستی زۆرینەو ئابوورییەکەمان مەرجە کۆتایی پێ بێت، سود وەرنەگرتن لە سامانی نەوت و نەبوونی کارەباو خزمەتگوزاری بنچینەیی لە پێناو چارەسەرکردنی کاری جدی بۆ بکرێت ..

●●●
**شەڕی نوێی بەغدا بۆ دژایەتی کوردستان، بە چەکی ئابووری دەکرێت**
●●●

هەنگاوەکانی ریفۆرمی چاوەڕوانکراوی ئابووری چی یە؟ ئایا ریفۆرمی ئابووری تەنیا لەسەر شانی حکومەتە یاخود ئەفرادەکانیش بەشێك لە ئەرکەکانیان لە ئەستۆیە ؟ تاکەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەیامی هۆشیارکردنەوەو گەیاندنی زانیارییەکان هەڵناگرن و هاوڵاتییانی کورد لەو هەموو هەڕەشەومەترسی و پیلانانە ئاگادارناکەنەوە کە کوردستان لەناوخۆی عێراق و دەوروبەرەوە بۆی دادەڕێژرێت؟ کە مەترسیدارترینیان دەست تێوەگلانی مالیکی بوو لەگەڵ حکومەتی تورکیا دژ بە دەسەڵاتی کوردی، لاوازبوونی حکومەتی کوردستان لە ئەستۆی کێ یە و کێ زیانمەندی سەرەکی یە ؟ ئەم لاوازییەی حکومەت چۆن چارەسەر دەبێت؟ شەڕی نوێی دژایەتی کوردستان، بە چەکی ئابووری دەکرێت، ئەو ڕێگایانە چین کە رووبەرووی ببینەوە؟■



**ئۆو پیوینگ**
**شارەزا و راوێژکار لە کۆریاو پتر لە ١٢ وڵات پڕۆژەوە کاری دامەزراندنی پرۆژەی ستراتیجی لە ئەستۆ بووە ( تایبەت بەگوڵان )-**


# هەرێمی کوردستان
# دەبێتە ناوچەو پێگەیەکی گرنک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



ئــۆو پیوینــگ پتــر لە ١٢ وڵات پڕۆژەوە کاری دامەزراندنی پرۆژەی ســتراتیجی لە ئەســتۆ بــووە، بەڕێزیــان پێــی وایــە: هەرێمەکە دەبێتە ناوچەو نموونەی پێگەیەکی گرنك لە رۆژهەڵاتی ناوەراســت، بە تایبەتی گەر بێتو کۆمپانیاکان پرۆژەی ستراتیژییان لەئەستۆ گرت، کۆمپانیای کۆری کەی وەتەر کە ســەرمایەکەی لە ملیارێك دۆلار تێپەر بووە، بگرە بەیەکێك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی کۆریا دادەنرێت، ئێســتاکە سەرقاڵی بواری توێژینەوەیەکە سەبارەت بە پڕۆژەیەکی هایدرۆپاوەرن لە بێخاڵ، ئەمە ئەو راســتییە دەردەخات کە گەورە کۆمپانیاکانی جیهــان روویان لەم هەرێمە کردووە، ئۆوپیونیگ لــە چەندین وڵاتی کاریکــردووە لەوانە(ئەمەریکا، کەمبودیا، ڤێتنام، مەنگۆلیا، چین، ئەفغانستان، ئێران،ئەندەنووسیا،سریلانگا، تایلەندو کوێت و دواتر لە عێراق) ئۆو پیوینگ بیروبۆچوون و هەڵسەنگاندنی خۆی هەبوو لەسەر وەبەرهێنان و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کاری ئابوورییانە لەو وڵاتانەدا کە دەکرێت هەریەکەو ئەزموونێکی لێوەربگرین و سوودی بــۆ بەڕێوەچوونی کاری ئیکۆ لە کوردســتان دا هەبێت، لەمبارەیەوە ئۆوپیونیگ بە گوڵانی راگەیاند : (( لە پێناو دەربازبوون لە کێشــە و گرفتە ئابوورییەکان ئەزموونی کۆریا بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشــتوو زۆر گرنگە، کەســی کۆری تووانی بۆخۆیی و جیهان بســەلمێنێت گەرچی رێگای خۆشــگوزەرانی و ئاوەدانکردنەوە زەحمەتە،چونکە بە بێ راکێشانی وەبەرهێنان بەدیهێنانی ئەم کارە ئاسان نییە، بەڵام بەهەوڵ وکۆشش جێبەجێ دەبێت و خێرادەکرێت لە کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی شەڕو برســێتی و هەژاری، کاتێك لە کۆریا قەڵەمێك بەرهەم بهێنین سەرەتا بەدوای قازانج ناگەڕێین، بەڵکو لە قۆناغی یەکەمدا قەڵەمەکە ئاراستەی سەرجەم جیهانی دەکەین،، لەرێگای بازرگان و کۆمپانیاکان هەماهەنگــی دەکەین کەچــۆن ئەوقەڵەمە لە ئاســتێکی باش دایە، حوکمڕانی سیاســی لە کۆریا ســەرەتا بۆ گەل و نیشتمان کاردەکات، ئەمەش لەرێگای پێشخستنی ئابوورییەوە...

پارێــزگاکان و بەرێوەبەرە ئیدارییەکان لە پێناو خۆشــگوزەرانی و پێشخستنی بەرهەم و ئابووری کاروبەرنامەی خۆی دادەنێت، پیونیگك ســەبارەت بە پرسیارێکی تایبەت بە نەبوونی گەورە کۆمپانیاکانی کۆریا لە شــارەکانی کوردستان پێــی وابوو، خراپی باری ئەمنی عێراق بەگشتی زیانی بەوهەوڵانە گەیاندووە کەدەیانەوێت هەرێمەکە بــە ئارام و ســەقامگیردا ببات، بۆیە سەرجەم کۆمپانیا گەورەکانی کۆریا بەعەمەلی نەهاتوون. بەڵکو لەرێگای شــارەزایانەوە دەتوانین کاروپەیوەندیتان لەگەڵ ببەستن، لەماوەی دووساڵ رابردوودا لەسەرجەم توێژوچینەکانی ناوکۆمەڵگای کوردی شــارەزایانی کۆری هاتوون و بەچاوی خۆیان واقیعی ئارامی و پێشکەوتنی وڵاتەکەیان بینی، بەڵام تاکو ئێستا لەرووی زانیاری و داتاوە جۆرە نائارامی و ناسەقامگیرییەك هەیە لەناوچەکەدا، ئەمەش خزمەت بەبواری ئابووری و بیزنس ناگات، ئەمڕۆ هەرێمی کوردســتان پرۆسەی پەرپێدان و دووبارە بنیاتنانەوەی تێدایە، ئێمە بەرامبەر گەلی کوردســتان زۆر دڵخۆشین، کەگەلێکی خاوەنی خەباتن و لەناوچەکەدا خویــان ناوەتە کاروچالاکی ئابووری، گەلــی کورد لەزۆرلاوە لــە کەلتوور و فەرهەنگــەوە لەئێمە نزیکن، کۆریا چەند دەیەیەك پێش ئێســتا گرفت و کیشەی لەگەڵ زۆربەی دراوســێکان هەبوو، جۆری دەســتتێوەردان و دژایەتی دەزانین، ئێستا بەعەقڵــی خۆمان و ئەرکی رەچاوکردنــی زمانی گفتوگۆ توانیمان بازرگانی و ئابووری لەنێوان یەگتر بکەین و بەرژەوەندی هاوبەش جێی بەرژەوەندی تەســك و تەماعکاری سیاسەتمەدارو سەربازی گرتووە، لەداهاتوویەکی نزیك دا رەنگە کێشــەی سنووریشمان لەگەڵ کۆریای باکور نەمێنێ، گەلی کۆری لەرێگای هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئەمریکا توانی بەوڵاتانی پێشــکەوتوو بلێ، کەئێمە ســوورین لەسەر بڕینی رێگای بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتن، بۆ ئەمەش پێگەیاندنی گەنج لەریزبەندی پێشەوەی کارەکانماندا بوو، کۆرییەکان ئەو راستییە دەزانن گەربێتو ئاستی گۆڕانکارییەکان لەکوردستان بە شێوەیەی ئێستا بەرەو پێشــەوە بچێت ئەوا دوا رۆژێکی گەشبین جاوەرێتان دەکات، هەرێمی کوردستان بەرەو گەشە و خۆشگوزەرانی دەڕوات و لە ناوچەکەدا دەبێتە نموونەیی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بە تایبەتی دوای مۆرکردنی گرێبەستی گەورە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیژی.

**حوکمڕانی سیاسی لە کۆریا سەرەتا بۆ گەل و نیشتمان کاردەکات، ئەمەش لەرێگای پێشخستنی ئابوورییەوە...**



# کۆمپانیاکانی وڵاتانی دەوروبەر نەهاتوون لە کەرتەکانی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی کار بکەن، بەڵکو زۆربەیان روویان لە بازرگانی و بەڵێندەرایەتی کردووە



مستەفا حەبیب: خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئابووری و پسپۆڕی بواری هەڵاوسانی نەختینەیی

لـــە چاوپێکەوتنێکی دکتۆر مستەفا حەبیب دا کە تایبەت بوو بە هێنانی ((وەبەرهێنانی بیانی لە کەرتـــە بەرهەمهێنانەکاندا، بەرێزی پێی وابـــوو وەبەرهێنان مەرجە بەپێی ویستی ئێمە بێت و ریزبەندییەك بـــۆ ئەو کەرتانە دانرێت کە ئابـــووری ئەمڕۆی کوردستان پێویستێتی، رەنگە لە قۆناغی رابـــردوودا بە ناچاری ڕێگا بۆ سەرجەم وەبەرهێنانەکان کرابێتـــەوەو، وەبەرهێنان لە کوردســـتاندا بە پێی ویســـتی وەبەرهێن ئەنجام درابێت، لەگەڵ کرانەوەی هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان و زیاتر ناســـاندنی ئابووری کوردســـتان **کاتی ئەوە هاتووە وەبەرهێنان بەپێی ویست و خواستی ئابوورییەکەمان بێت.**

ئابووری هەرێمی کوردستان بەشێکە لە ئابووری عێراقی فیدرال کە ئەویـــش کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئابووری جەنگەوە، جەنگی دژ بە تیرۆر ســـەرجەم ناوچەکەی گرتۆتەوە، رەنگە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق ئارامتر بێت و ســـەقامگیرتر بێت، بەڵام شـــوێنەوارە خراپەکانی ئەم جەنگەی تیرۆر بەسەر کوردەوە توند و کاریگەر بووە .

لە ئابووری جەنگ و لە ناو پێکەیەکی نائارامی وەکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت گەیشتن بە خاڵی سەقامگیری و گەشەسەندنی ئابووری کارێکی ئاســـان نییـــە و کاری جددی و دڵســـۆزانەی دەوێت، لەم واقیعەدا ئاسان نییە و گەورە کۆمپانیا بیانییەکان ئامادە نین کاری وەبەرهێنانی گەورە بکەن و خۆیان بە پرۆژەی ستراتیژی و دوورمەودا خەریـــك بکەن، تەنیـــا روویان لە بواری بازرگانـــی و بەڵێندەرایەتی کـــردووە، چونکە ئـــەم دووبوارە مەترســـی کەمترەو زووتـــرو خێراتر قازانجەکانی دەست سەرمایەدار دەکەوێتەوە، بە پێچەوانەی بوارەکانی تری پیشەســـازی و پرۆژە گەورەکانەوە کـــە کات و داهاتی زۆری دەوێت و بەدەســـتهێنانەوەی قازانجەکەشی دوورمەودایەو پێویستی بە زەمانەت هەیە ..

لەدوای روخانـــی رژێمی بەعس ژمارەیەکـــی بەرچاو لە گەورە کۆمپانیاکانی وڵاتانی رۆژئاواو بگرە کۆمپانیاکانی وڵاتانی دەوروبەر روویـــان لەم هەرێمە کـــردووە، بەڵام ئەوان نەهاتـــوون لە کەرتەکانی تەکنەلۆژیـــا و پیشەســـازی کار بکەن، بەڵکو زۆربەیـــان روویان لە بازرگانـــی و بەڵێندەرایەتـــی کردووە، ئەمەش زیانـــی بە هەرێمەکە گەیانـــدووە و بە پێچەوانەوە بـــۆ ئەوان قازانجێکـــی گەورەیە، ئەم دۆخە وایکردووە هەرێمەکە ببێتە ناوچەیەك بۆ ساخکردنەوەی کاڵاو بەرهەمە لاوازو ساختەکارییەکان و بەگەڕخســـتنی کۆمپانیـــا لاوازەکانیان، لـــە بەرامبەردا بە دەیان ملیۆن دۆلار بۆ وڵاتەکانیان ئاودیو کردووە. ئەمەش هەمووی لەســـەر حســـابی بەهای دینارو ئابووری هەرێمەکە، کەواتە وەڵامدانەوەی ئەو پرســـیارەی کەتایبەتە بەوەی چـــی بکەین تاوەکو گەورە کۆمپانیا بیانییەکان رووبکەنە ئەو سەرمایەگوزارییەی کە ئاستی بەرهەممان پێش دەخات ؟ ناوەڕۆکی مەبەستی راکێشانی سەرمایەگوزاری بیانییە بۆ ناوخۆی وڵات .

بوونی نائارامی لە عێراق و جەنگی دژ بە تیرۆر پاســـاوێك نییە بۆ ئەوەی چی تـــر وەبەرهێنان لەوکەرتەگرنگ و گەورانەدا نەکرێت کە ئەمڕۆهەرێمی کوردســـتان پێویستێتی، ئەوەتا ئیسرائیل جوانترین نمونەیـــە بۆ وڵاتێك کـــە لەدروســـتبوونیەوە ئابوورییەکەی ئابووری جەنگە، کەچی ئەم بارودۆخە کاردانەوەی نەکردۆتە سەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانیان، چونکە ئیسرائیلییەکان هەمووی کاردەکەن و لە دەرەوەی وڵاتیش خاوەنی لۆبین و بیزنسمانی نیشتمانپەروەرن، حکومەتەکەشیان سیاسەت و پلان و بەرنامەی ئابوورین و ئابووری تێکەڵ بە ئەمنییەتی نەتەوەییـــان بووە، تاکو ئەمڕۆش ئابووری لە ئیســـرائیل چاودێری و ئاراســـتە دەکرێت، ئەزموونی وڵاتانێك کە بەدۆخی جەنگ دا تێپەڕ دەبێـــت بۆ ئێمەی کورد گرنگە، رەنگە لـــەم قۆناغەدا زەحمەت بێت روو بکەینە کەرتی پیشەســـازی و تەکنەلۆژیا شانســـی ئێمە زیاتر لە کەرتەکانی کشـــتوکاڵ و نەوت و گەشـــتوکوزاریدا بێت، دەکرێت رووبکەینـــە دامەزراندنـــی گێڵکەی پەلەوەڕو ئـــاژەڵ بەخێوکردن و گرنگی بە پیشەسازی خۆراکی بدەین، ئەم کارەش هەنگاوی جددی دەوێت سەرەتا دەبێت لە گوندنشینەکانەوە دەست پێ بکەین و کۆچی ناوخۆی گوندنشـــینەکان بۆ ناو سەنتەری شارەکان رابگرین، ئەمەش لە ڕێگای گەیاندنی خزمەتگوزاریی و دروستکردنی ڕێگاو ژێرخانی پێشـــکەوتوو دێتە بەرهەم، من بەباشـــی دەزانم باسێکی ئەزموونی ئوســـترالیادان بۆ بکەم کە ماوەیەکی دوورو درێژ لە زانکۆکانی ئەو وڵاتەدا وانەی ئابووریم وتۆتەوە، ئوســـترالیا بە هاوشـــێوەی ئابووری وڵاتانی پێشـــکەوتوو خاوەن نزامێکی ئابووری بازاڕە و بەشێوەیەکی ورد سەرپەرشتی ئابووری و کەرتە زیندووەکانی دەکات ئوسترالییەکان بۆ هاندانـــی بەرهەمهێنان و ناردنـــە دەرەوەو دۆزینەوەی بازاڕ هیچ رسومات و باجێك وەرناگرن تاوەکو کاڵای ئوسترالی توانای کێبرکێی لەگەڵ کاڵاو بەرهەمی وڵاتانی بیانی پێشکەوتوو هەبێت، لە لایەکی ترەوە ئەو وڵاتە زۆر بـــە وردی چاودێری و یارمەتی ئەو وەبەرهێنانە دەکات کە لە کەرتەکانی بەرهەمهێنان دا بەگەڕدەخرێت. لەم روانگەیەوە پێویســـتە کوردیش بەدوای ئەو وەبەرهێنانە بگەڕێت کە بەرهەمهێنانی زیـــاد دەکات، بۆ ئەمەش مەرجـــە لە کۆمەڵگایەکـــی بەکارهێنانەوە خـــۆی بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگای بەرهەمهێن، بۆ نموونە ئافرەت زیاتر دابمەزرێـــن و ژینگـــەی کارکردنیان بۆ دابین بـــکات و هانیان بدات، هەروەها سەپاندنی باج بەپێی داهاتی تاکاکەسی بێت و، بۆ پشتگیری کەرتی تایبەتی کشتوکاڵ پیشەسازی کشتوکاڵی دابمەزرێنێت، ئەمەش بـــۆ دۆزینەوەی بـــازاڕ بۆ کاڵاو بەرهەمە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکان، لەمـــەش گرنگتـــر یارمەتی و پێشکەشکردنی ئاســـانکاری بۆ ئەو وەبەرهێنانـــە بیانییانەی کە دەیانەوێت لە بواری پیشەســـازی و بەرهەمهێناندا کارو پرۆژەکانیان لە کوردستاندا ئەنجام بدەن .



●●●
**بوونی نائارامی لە عێراق و جەنگی دژ بە تیرۆر پاساوێک نییە بۆ ئەوەی چی تر وەبەرهێنان لەوکەرتەگرنگ و گەورانەدا نەکرێت کە ئەمڕۆهەرێمی کوردستان پێویستێتی، ئەوەتا ئیسرائیل جوانترین نمونەیە بۆ وڵاتێک کە لەدروستبوونیەوە ئابوورییەکەی ئابووری جەنگە، کەچی ئەم بارودۆخە کاردانەوەی نەکردۆتە سەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنانیان**
●●●



# وەبەرهێنانی بیانی واقیعی ئابووری کوردستان دەگۆڕێت، بەڵام

لە پێناو رووبەرووبونەوەی کێشــەو گرفتــە ئابوورییەکان و دەربازبوون لە بێبازاڕی و راوەســتانی گەشــەی ئابــووری، کاتی ئــەوە هاتووە چاوخشــاندنەوەیەك بە کارو پرۆژە ئەنجامدراوەکان بخشــێنینەوە، تاوەکو شارەزایی ئاستی جێبەجێکردنی کارەکان و کەموکورتییەکان بین، ئەوەی ئەمڕۆ لــە کارو پرۆژەکان بەرچاومان دەکەوێــت چەند حەقیقەتێکە لە پێشکەوتنی بوارەکانی کەمالییات و جوانکاری و زیادبوونی هێنراوەکانی کەلوپەلــی کارەبایی و ئوتۆمبێل و فراوانبوونی ئاســۆی شــارەکان و گرنگیدان بە هۆتێل و بازاڕەکان . ئەمانەش هەر هەمووی لەسەر حسابی پرۆژە بەرهەمهێنەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و کارەبا و نەوت بووە، کە لەمبوارانەدا بەپێی پێویست کارو پرۆژەی گەورە ئەنجام نەدراوە . **نەسروڵا عەبدوڵا - پسپۆری بواری پلاندانان و شارەزا لە یاساو بازرگانی** پێی وایە :( کەرتی بازرگانی و گواســتنەوەی پارە زیادیکردووە، بەڵام بەپێی ئەو زیادبوونە نزامی مەسرەفی پێشنەکەوتووە، بانك و سیستەمی نەختینەیی و قــەرزدان و حەواڵەو نزامە مەســرەفییەکانی تر پێــش نەکەوتووە و بە پێچەوانەوە پێداویستی مەسرەفیمان فراوان بووە، پێداویستی لە سەر کارەبا زیادیکردووە و بەرهەم و رێکخســتنی دابەشــکردنی هەنگاوی گەورەی نەناوە، کەرتی خانووبەرە گەشەی کردووەو کارگەو کارخانەکانی چیمەنتۆو خشــت و مەڕمەڕ و پیشەسازی بیناسازی پێش نەکەوتووە، داواکاری و پێداویستی خۆراکیمان دە ئەوەندەی جارانی لێهاتووە، کەچی کشتوکاڵمان بــە ئازادکردنی بازرگانی دەرەکی و واڵابوونی ســنوورەکانمان پوکایەوە، ئەمانە هەمــووی بێ پلانییەو زیانی گەورەی بە ئابووری کوردســتان گەیاند .

لە ئابــووری دا پێویســتە بەرهەمهێنان لە بەکارهێنــان زیاتر بێت، خســتنەرووی ناوخۆ لە بەرهەمی پیشەســازی و کشتوکاڵی زیاتر بێت بەراورد بە بەرهەمی بیانی، ئەمە لە ئەلف و بێی ئابووری دایە،وەبەرهێنانی بیانی ئەو کەلێنە پڕدەکاتەوە، بەمەرجێك ریزبەندی لە جێبەجێکردن و کەرتە ئابوورییەکان دابنرێت و بەرنامەی زانستییانە بەکاربهێنرێت بۆ نموونە بۆ بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان پێویستە.

لەلایەکی ترەوە ناکرێت دەروازەکان داخراو بێت بەڵکو هەرێمی کوردستان پێویستی بە چەند دەروازەیەك هەیە، بەڵام مەرجە دەروازەکان بەرەڵا نەبێت و بە دەیان دەزگای پێشــکەوتووی کۆنترۆڵ لەوێ وجودیان هەبێت و بە بەردەوام رێنمایی نوێ دەربکرێت، بۆ دەرچون لە واقیعی ئەمڕۆی ئابووری کە کۆمەڵگا بۆتە کۆمەڵگایەکی بێ بەرهەم، گرینگیدان بەو پڕۆژانەی کە ئابــووری هەرێمەکە و میللەت پێویستێتی وەکو پرۆژەکانی نەوت و کارەباو پیشەسازی لە ئەولەوییاتی کارو بەرنامــە ئابوورییــەکان دا بنرێــت، لە قۆناغەکانی پێشــوو تەنیــا مەبەســتمان راکێشــانی وەبەرهێنان بوو ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە وەبەرهێنان رابکێشــین کە لەگەڵ پێداویســتی و حکومەتدا دەگونجێت..



نەسروڵا عەبدوڵا: پسپۆری بواری پلاندانان و شارەزا لە یاساو بازرگانی

ئەوەی لەسەر حکومەت ئەرکە پێدانی ئاسانکاری و لێخۆشبوون لە باج و رسومات، بگرە ئازادی لە هێنان و بردنی داهات و پارەو تەرخانکردنی پارچە زەوی لە پێداویســتییەکانی وەبەرهێنانی ســەرکەوتووە . لە ماوەکانی رابردوودا زۆربەی جار باس لە وەبەرهێنان کراوە، بەڵام بەجددی باس و وتوویژ لە سەر ئەوخاڵانە نەکراوە کە بەچ شــێوەیەك زامنی راکێشانی وەبەرهێنانێکی بیانی وا دەکەین کە بەحەقیقەت وەبەرهێنانە نەك دەســت کەوتنی رووبەری زەوی بێت و بەس، لە کاتێکدا سەرمایەداری کورد لە ئاکامی کەمی بڕی پارەوە توانای نییە خۆی لە پرۆژەی گەورە بدات و تەنیا کۆمپانیا گەورەکان لە توواناياندایە ئەم کارە بکەن، کەچی ئەوانیش لە پێناو گیرفان پڕکردن خۆیان لە بواری بازرگانی و کاری بچوکی بەڵێندەرایەتی داوە، ئەمە خەلەلێکەو پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونە ئابوورییەدام کە راوەستان و پرس کردن بە بەغدا بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەورەو ســتراتیژی زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت، نەبوونی وزە بە جۆرەکانی کارەباو پترۆڵ زیانی گەورەی لێداوین و ئەم زیانە زیاتر دەبێت و ئاســەوارەکانی مەترسیدارترە، هاندان و پشتگیریکردنی بەگەڕختنی وەبەرهێنانی بیانی فرسەتەکانی گۆڕینی واقیعی ئابووری کوردستان زیاتر دەکات، حکومەتی داهاتووی کوردستان کە سەرۆکەکەی دووبارە متمانەی بێ درایەوە ئەرکی گۆڕانکاری لە ئەســتۆیە، ئەمەش پێویست بەوە دەکات پێگەی ئابووری کوردستان بە هێز بکرێت لە پێناو رووبەرووبونەوەی رۆژانی ســەختی داهاتوو، چونکە رەنگە لە کۆتاییەکانی ئەم ساڵدا چوارچێوەی ململانییەکان لە ناوچەکەو ناوخۆی عێراق زیاتر بێت، بە تایبەتی لە سەر گرێبەستە نەوتییەکان.

●●●
**حکومەتی نوێ ئەرکی گۆڕانکاری لە ئەستۆیە، ئەمەش پێویست بەوە دەکات پێگەی ئابووری کوردستان بە هێز بکرێت لە پێناو رووبەرووبونەوەی رۆژە سەختەکانی داهاتوو**
●●●